# سۆفیا

هاشم سەڕاج

که تۆی شای کەچ کولاهی دیدەمەستان،
چ باکم قەیصەر و فەغفوورە ئەمشەو؟!
«نالی»



چێشتەنگاو
لەژێر ڕەشماڵە شینباوەکەی بێستانە
بەیبوونییە بلوورینەکەی «کامالا»دا
پشوومان دا و
غەریب و بێ موبالات و کەسەردار
لە نهێنییەکانی غەمزەی فورقانی چاو و
قەڵەمی قودرەتی ئەبرۆ و نووری گزنگی باڵا
دواین و دواین و دواین
شەپۆل شەپۆل شەپۆل شەپۆل
شەپۆل شەپۆل
گورزە ئارامییەکی ئاڵۆز و نادیاری سووتێنەر
شەوەی شاراکانی
ناخ و دڵی دەتاسان و
دانە دانە دانە دانە
دانە دانە
زەنگیانەکانی ڕشتەی گیان دەلەرزان!
لەوێش لە بانیژەی زاگەی بلێسەی جوانیدا
مەرجانەکانی گۆیکە ئاڵ و بەفرینەکانی
«سۆفیا» لەژێر
کراسە مەلەسە پەرمێشییە خەنەڕەنگەکەیدا
دەلەرانەوە و
دەلەرانەوە و
دەلەرانەوە
دەتگوت فەریکە هەڵووژەی فیردەوسەکانی خودان!
ئەی خودا
خودای میهر و حوسن و گەردیلەکانی گیان!
لەم دەیجووری وێرانەی نەهامەتییەدا
تۆسقاڵێ ڕووناکیمان پێ ببەخشە!
چی دەکەین؟ تازە چی دەکەین؟
ئێمەی بەدبەخت و شەیدا و ناموراد و پەرێشان
تازە چی دەکەین!
لەپڕ سەراپای لەشمان خرۆشا و

زایەڵەی نەغمەکانی «ئۆم»
لە فەزای میحرابە ئاگرینەکانی دەروونەوە
هەڵدەقووڵا و
هەڵ هەڵ هەڵ دەقووڵا
سەرمەست و کەسیرە و کەسەردار
ڕۆحمان ئەڵقەیەکی چکۆڵەی نەبینراوی
سیلسیلەی بێ بڕانەوەی گەردوونی
هیچ و پووچ و پەژموورەدەی ئەبەدە!
ئەبەد ئەبەد ئەبەد
دەسەپاچە و داماو... سەرسام و ڕەنگپەڕیو
ساغەرێک «شەرابی ئاڵ»مان هەڵدا و
سەرمەست و کەنەفت و حەیران
دڵ کەوتە
لەتردان و لەتردان و لەتردان
ڕۆح(شۆڕەبی)یەکی بەرزی نازپەروەری شمشادزادە و
لەتری دەدا و
لەتری دەدا و
لەتری دەدا
هێواش هێواش هێواش هێواش
هێواش هێواش
لە چەمک و ماناکانی بوون و مەرگ و موراد و مایا و
ئەڤین و ئارامی و جوانی
دەدواین و دەدواین و دەدواین و
پێدەکەنین!
لەوێش لە ترۆپکی ئاتەشکەدەی
«گردی مردووان»ڕا
شەپۆل شەپۆل شەپۆل شەپۆل
شەپۆل شەپۆل
بۆن و بەرامی
هێل و دارچین و زورمبات و خاسەڕەنگ و کافوور و
ڕازیانە و زەنجەفیل و ڕەشکە و شملی و سمڵ و
سەمەڵ و سەندەڵ و شەب و مازوو و قەنەفل و زافەران و
شەوەر و شویت و شکۆفە و شەکری نەبات و گوڵەباغ و
سینەمەکی و سەندەلووس و ئاس و وەنەوشە و
شەرمینۆک و بەیبوون و خەجیجۆک و کەما و
کەبابە و کەبەر و کاژ و بوخورد و میسک و عوود و
عونناب و عەنبەر و پوونگ و ڕێحانە و نەعناع و
سێوی ئەجندان و خەیارچەمەر و قورسی قەمەر و
گۆگردو سەبر و زەڕنیخ و خەردەل و حەرمەل و حەتحەت و
حەنتیت و بۆدڕنی برایم بۆگەنی و گژگژە و سوپەند و
عوودی سەڵیب و کەموون و کەفی دەریا و ئەنیسۆن و
جاترە و گیای غەریەل و ڕەگەڕێواس و زەرەند و
سووسن و ئەقاقیا و خەربەند و خەشخاش و ترنجۆک و
عەتری عیشق و حەسرەت و جوانی و
دوودی عەدەم!
ئای دوودی عەدەم!
ئۆها! کشوماتترین دەخمەیەک لە کپی و خامۆشی!
چ دووکەڵستانێکە وجوود ئەی خودا، خودای من
کەرنەڤاڵی بە هەدەرسپاردنی
ئاقیقەکانی ئەڤین و زوبەرجەدەکانی جوانی و
ئەفسوونەکانی قەد و قامەت و باڵا و
نەوا و نەشئە و سۆسەکانی ڕۆح!
پێچ پێچ پێچ پێچ دووکەڵ
دووکەڵ پێچ پێچ
حەلقە حەلقە حەلقە دووکەڵ
دووکەڵ حەلقە حەلقە
پێچ پێچ
دووکەڵ
حەلقە حەلقە
گەمارۆی دەداین و گەمارۆی دەداین و
گەمارۆی دەداین!
نەوای زایەڵە جەلاتینییە بێ یادەوەرییەکانی
مەفتەنی وێرانەی /هادیس/
دانە دانە دانە دانە
دانە دانە
تۆم و تەڵا و تەوەن و توڕڕەی
تەرزە ئاسا... بەسەرمانا دادەباران!
دا دا دا
تازە چی دەکەین ئەی خودا؟
خودای من!
بێ پەنا و نوا خۆمان!
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیا ئەی سۆفیا
ئەی بنێسیترین کچە سوورکەڵەکەی
قیبلەی عیشق و سرووش و ئۆخژنی و
درەوشانەوەکانی ڕۆح!
وەی بێ موبالاتیترین (زەری)یەک
لە عەتر و نەشئە و ڤانێلاکانی
بسکیت و شکوولاتە و شەوبۆکانی

لەززەت و لەبزینە، ئۆهـ!
قەشەنگیترین شۆخێک لە ئاگرە
ئاڵتووناوییەکانی خەتا و
ئیکسیرەکانی یاقووتی زەرد!
بە لەنجەی نەوڕەسیدەی سیحرینی
فۆنیمە نازپەروەرە خواییەکانت
مەستمان کە مەست مەست مەست
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیای مەلەک بەچکە و ئەفسوونکار!
بەنانە شووش و شووشەییەکانی
ئاڵتر لە دەنکە هەنارە هەڵڕژاوەکانی
بەرچنە گوڵگوڵینەکانی باغی ئیرەم و
لەنگەرییە برۆنزییەکانی بەر
ئاستانەی پەرستگای (ئیشتار)
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیا ئەی سۆفیا
وەی زافەرانیترین
هالاوێکی ناسک ناسک ناسک و
تەنک تەنک تەنک
لە یەشم و یوسر و یاقووتەکانی
جەننەت!
لەپڕ گازی لە مەرجانەکانی
سەر پەنجە یەسووعییەکانی دەگرت و
حیلکوهۆڕ پێدەکەنی
پێ پێ پێ
د ە ک ە ن ی

٢٠٠٤/٩/٢٠